ئیسرائیل بڕیاری بڕدەمانی بە سەر شاری رەفح لە باشوری غەززە دەستپێکرد



سوپای ئیسرائیل هێرشێکی بەرفراوانی بۆ سەر شاری رەفح لە باشوری غەززە ئەنجامدا و بەگوێرەی زانیاریەکانیش، نزیکەی 30 کەس کوژراون.

بەگوێرەی ئاژانسەکان، لە ئەنجامی بڕدومانێکی سوپای ئیسرائیلدا بەسەر شاری رەفح لانیکەم 28 کەس کوژراون و دەیان کەسی دیکەش بریندار بون کە کەمپێکی ئاوارەی باکوری ڕۆژاوای شاری رەفحی کردە ئامانج.

بڕیاری زانیاریکان فڕۆکەکانی سوپای ئیسرائیل بە زیاتر لە هەشت موشەك بڕدومانی قورسیان بۆ سەر کەمپی ئاوارەکان ئەنجامداوە.

میدیا فەڕەستینییەکان ڕایانگەیاندوە، ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار هێشتا لەو کەمپەدان کە لەلایەن فڕۆکە ئیسرائیلییەکانەوە کراوەتە ئامانج لە ڕۆژئاوای ڕەفح و تیمەکانی ئەمبوڵانس و بەرگری شارستانی ناتوانن بگەنە سەرجەم بریندار و لێقەوماوان.

لیژنەی فریاکەوتن لە پارێزگای ڕەفح ڕایگەیاندوە، "دەیان کوژراو و بریندار لە

کەمەکوژییەکدا هەن کە ئیسرائیل بە ئامانجگرتنی خەمەی ئاوارەکانی لە باکووری ڕۆژئاوای هەفح دەستپێکردووە".

ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەنجامدانی ئەو کەمەکوژییە لە دژی هاوڵاتیانی مەدەنی ئاوارە، هەنگدانەوەی پێداگری ئیسرائیلە لەسەر درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتن و کاولکاری لە هەفح و پشێلکردنی سەرجەم داواکاری و بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پێویستی ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و هەرشنەکردنە سەر هاوڵاتیانی مەدەنی